لە کاتی چوونی بە عومرە ئافرەتێکی کورد لەناو فڕۆکەدا گیانی لەدەستدا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە ڕۆژی پێنجشەممە گیان لەدەستدانی ئافرەتێک لەناو فڕۆکەدا ڕاگەیاند لە کاتی چوونی بە عومرە، کە بووە هۆی نیشتنەوەی فڕۆکەکە لە بەغدا.

بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرە لە بەیاننامەیەکدا کە بە ئاژانسی "موتەع" گەیشتووە ڕایگەیاند، "ئەوارەی ڕۆژی پێنجشەممە (14ـی ئەیلولی 2023)، ئافرەتێکی عومرەکاری شاری هەولێر کە تەمەنی 81 ساڵە، کە دانیشتووی شاری هەولێر بووە، بەهۆی تەکچوونی دەخی تەندروستی لەکاتی فڕین فرۆکەکەیان و لەسەر ئاسمانی شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد"، دوای ئەم ڕووداوە بە ناچاری فرۆکەکە لە فرۆکەخانەی بەغدا نیشتەوە.